بسم الله الرحمن الرحيم

**پێڕستی بابەتەکانی ژمارە ( ٢ ) :**



| پەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
| --- | --- | --- |
| ٢ | زانستی شەرعی ... سەروەری هەموو زانستەکانە ......... ......... | سەرنووسەر |
| ٢ | گەشبینی .......................................... | إدريس محمود.سليمانى.ك.ياسا |
| ٣ | خۆشەویستی کوڕی خۆشەویست ئوسامەی کوڕی زەید ............... | م . بشتيوان محمد.عربی |
| ٤ | ئەرکی لاوان لە ئیسلامدا ...؟! ...................................... | بیلال جەلال.سلێمانی.پ . فیزیا |
| ٥ | ئاسانکاری و لێبووردەیی لە ئیسلامدا ................................ | م . فلاح حسن . E |
| ٥ | انشق القمر( لەتبونی مانگ) .......................................... | حيدر عدنان.هەولێر.پ .دەرمانسازی |
| ٦ | عەودالّی زانست ................................................ | م . عثمان أحمد.بیرکاری |
| ٧ | ئیعجازی زانستی لەسوننەتدا ........................................ | ی.پزیشك : هیمن |
| ٧ | لە گۆشەی مزگەوت بۆ نوقمی جەهالەت .............................. | م . بیستون : شەریعەی سلیمانی |
| ٨ | پاڕانەوە کلیلی کردنەوەی دەرگا داخراوەکانە .......................... | م . هاوار عبدالله.کۆمەڵایەتی |
| ١٠ | زانکۆش بەسەر دەچێت ، بەڵام !!! ................................. | پارێزەر . أحمد محمد |
| ١١ | خۆشەویستی خوای پەروەردگار ........................................ | دریڤان محمود. ئینگلیزی.م. کەلار |
| ١٢ | گرنگی بانگەشەکردن بۆ دەستگرتن بە قورئانی پیرۆز ............. | م . دارا جبار . عربی |
| ١٣ | ئەو کاتانەی کە سیواکردن تیاندا سوننەتە .............................. | زهراء محمد . ز.سلێمانی.پ.مێژوو |
| ١٤ | زانستی بە سوود و کردەوەی چاك پەیامی پێغەمبەرمانە ﷺ ......... | م . محمد عبدالرحمن . شەریعەی دهۆك |
| ١٥ | مێژوو و شێواندنی ڕووی گەشی ئیسلام .............................. | م . علي محمد علي . کۆمەڵایەتی |
| ١٦ | Follow your prophet (Muhamad (ﷺ)) if you want to succeed ... | م . رزگار محمد.E |



.....................................................................................

**تێبینی : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بڵاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، ئەوانەش :**

**١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراویش بێت .**

.....................................................................................

**Zanest@Gawab.com**

**بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی :**

**www.ba8.org** بکە .


**سەرنووسەر :**

عدنان بارام قادر

**دەستەی نووسەران :**

هاوار عبدالله محمود

رزگار محمد كريم

فلاح حسن

علي محمد علي


**بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بڵاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .**

## زانستی شه‌رعی ... سه‌روه‌ری هه‌موو زانسته‌كانه

گومان له‌وه‌دا نیه كه زانست كۆڵه‌كه و بنه‌مای سه‌ره‌كی بنیاتنانی هه‌موو كۆمه‌ڵگاكانه ... كه مرۆڤ نه‌یتوانیوه به درێژایی مێژووی ده‌ست به‌رداری بێت ، هه‌رده‌مه‌و و به‌پێی خۆی ... مه‌به‌ستیشمان لێره له زانست هه‌موو جۆره‌كانیه‌تی كه بۆ بره‌وپێدان و پێشخستن و ئاسووده‌یی تاك و كۆمه‌ڵگاكان ده‌سته به‌ر كراون و ده‌كرێن ... به‌ڵام ده‌بێت ئه‌وه‌ش بزانرێت كه سه‌روه‌ری هه‌موو ئه‌و زانستانه زانستی شه‌رعیه ... چونكه زیاتر په‌یوه‌سته به په‌یبردن به مه‌به‌ست له دروستكردنی مرۆڤ و خوڵقاندنی ... و مه‌به‌ست له ناردنی په‌یامبه‌رانی خوای په‌روه‌ردگار ... كه هۆكاری په‌یوه‌ست كردن و ناساندنی په‌روه‌ردگارن به مرۆڤ ... خوای په‌روه‌ردگار فه‌رموویه‌تی : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنْسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ ﴾ ، واته : دروست كردنی جنۆكه و مرۆڤیش بۆ په‌رستنی خوای په‌روه‌ردگاره به تاك و ته‌نهایی ... ئه‌وه‌ش ته‌نها له ڕێگه‌ی زانستی شه‌رعیه‌وه ده‌زانرێت ... ئه‌و زانسته‌ی كه میراتی پێغه‌مبه‌رانه و زیندووكه‌ره‌وه‌ی مرۆڤه ، هه‌روه‌ك خوای په‌روه‌ردگار فه‌رموویه‌تی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ﴾ ، واته : ئه‌ی بڕواداران بچن به‌ده‌م بانگه‌وازی په‌روه‌ردگار و پێغه‌مبه‌ره‌وه ئه‌گه‌ر بانگی كردن بۆ ئه‌وه‌ی كه زیندوكه‌ره‌وه‌تانه ... بۆیه جێی خۆیه‌تی به زانستێك كه مه‌به‌ستی سه‌ره‌كی بوونی مرۆڤ ... و ناردنی په‌یامبه‌رانی خوای په‌روه‌ردگار بێت ... و ناسێنه‌ری مرۆڤ بێت به دروستكار و خوڵقێنه‌ره‌كه‌ی ... هۆكاری ژیانه‌وه‌ی بێت ... بووترێت : ئه‌و زانسته سه‌روه‌ری هه‌موو زانسته‌كانه ... له گه‌ڵ ڕه‌چاوكردنی ئه‌وه‌ی كه ئه‌و زانسته ده‌بێت : له ڕوانگه‌ی قورئانی پیرۆز و سوننه‌ته‌كانی پێغه‌مبه‌ری خوا بێت ﷺ ، و به تێگه‌یشتنی پێشینه پیاوچاكه‌كانی ئه‌م ئوممه‌ته .

**سه‌رنووسه‌ر**

## گه‌شبینی

گه‌شبینی وشه‌یه‌كه سه‌ركه‌وتنه‌كان به ده‌وریدا ده‌خولێنه‌وه ، وشه‌یه‌كه ده‌بێته مایه‌ی به گه‌ڕخستنی تواناكان و به هێزكردنی گۆڕان و به‌ره‌و پێش چوون له مرۆڤدا ، وشه‌یه‌كه وامان لێده‌كات به چاوی خۆشه‌ویستیه‌وه بڕوانینه شته‌كان .

بۆیه برای مسوڵمانم پێویسته گه‌شبین بیت بۆ ئه‌وه‌ی بتوانیت تواناكانت به‌گه‌ڕ بخه‌یت و ببیته كه‌سێكی به‌رهه‌م دار نه‌ك به‌كاربه‌ر .

مسوڵمانی به‌ڕێز له قورئاندا چه‌ندین چیرۆك هه‌یه پڕه له په‌ند بۆ كه‌سی ژیر و هۆشمه‌ند ، ئه‌م چیرۆكانه وامان لێده‌كه‌ن گه‌شبین بین و هیوا و ئومێدمان به خوای خۆمان هه‌بێت ، یه‌كێك له‌و چیرۆكانه چیرۆكی پێغه‌مبه‌ر موسایه ( عليه السلام ) ، له‌و كاته‌ی ئه‌م پێغه‌مبه‌ره به‌ڕێزه و شوێنكه‌وتووانی له شار ده‌رچوون ، له‌و كاته‌دا بینیان له پێشیانه‌وه ده‌ریای نیله و له دوایشیانه‌وه فیرعه‌ون ودار وده‌سته‌كه‌یه‌تی ، لێره‌دا شوێنكه‌وتووانی موسا ( عليه السلام ) به‌موسایان ووت : ﴿ إِنَّا لَمُدْرَكُونَ ﴾ ( سورة الشعراء : ٦١ ) ، واته : ئه‌ی موسا تازه هه‌موومان تیاچووین ، به‌ڵام موسا ( عليه السلام ) به‌و په‌ڕی گه‌شبینیه‌وه فه‌رمووی : ﴿ كَلَّا إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ ﴾ ( سورة الشعراء : ٦٢ ) ، واته : مه‌ترسن خوامان له‌گه‌ڵدایه و هه‌رگیز زایه‌مان ناكات ، خوای گه‌وره‌ش ڕزگاری كردن و ده‌ریاكه‌ی بۆ له‌تكردن تاوه‌كو په‌ڕینه‌وه ، پاشان هه‌ر له‌و ده‌ریایه‌دا

سەرسەخترین دوژمنی موسای لەناو برد کە ئەویش فیرعەون بوو .

برای مسوڵمانم دڵنیابە لە دوای تەنگانە و خەم و خەفەت خۆشی و شادی دێت ، ئەی ئەو ئایەتەی خوای گەورەت نەبیستووە کە دەفەرموێت : ﴿ فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴾ ( سورة الشرح : ٥ ــ ٦ ) ، واتە : بەڕاستی لەگەڵ تەنگانەدا خۆشی و ئاسوودەیی دێت ، بێگومان بە دڵنیاییەوە لەگەڵ تەنگانەدا خۆشی و ئاسوودەیی هەردێت .

ئەم ئایەتە ئەوپەڕی مانای گەشبینی لە دەروونی مسوڵمانە ڕاستەقینەکاندا دروست دەکات .

لە کۆتاییدا هیوام وایە گەشبینی بکەنە سیفەتێکی جێگیر لە خۆتاندا ( إن شاء الله ) .

**إدريس محمود : ز . سلێمانی . ك ياسا**

## خۆشەویستی کوڕی خۆشەویست ئوسامەی کوڕی زەید

پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی ئەم هاوەڵە فەرموویەتی : " هەرکەسێك خواو پێغەمبەری خوای خۆش دەوێت با ئوسامەیشی خۆش بوێت " .

**لەجەنگی ئوحودا :**

بۆ ئەم جەنگە ئەم هاوەڵە بەڕێزە ئامادەبوو بۆ ئەوەی لەپێناو خوادا بجەنگێ و بەڵکو ئاشنای شەهادەت بێت بەڵام پێغەمبەر ﷺ ڕازی نەبووئەم هاوەڵە و هەندێك لە هاوڕێکانی بەشدار بن لەم جەنگەدا لەبەر بچوکی تەمەنیان هەرچەندە دڵیان پڕبوو لە خۆشەویستی خوا و سەرکەوتنی ئایینەکەی .

**لەجەنگی خەندەقدا :**

لە جەنگی خەندەقدا دووبارە ئەم هاوەڵە . ڕەزای خوای لێ بێت . ئامادە دەبێت بەڵکو پێغەمبەر ﷺ وەکو سەربازێك وەری بگرێت لەسەنگەری بڕواداراندا ، پێغەمبەریش ﷺ بەزەیی پیاهاتەوە کاتێك بینی دڵی بەجۆشە بۆ بەشداری کردن لەم جەنگەدا ئەویش شمشێرێکی هەڵگرت ولەکاتێکدا تەمەنی پازدە ساڵ بوو .

**چاکەی بەرامبەر بەدایکی :**

لە محمدی کوڕی سیرینەوە فەرموویەتی : نرخی یەك دارخوما لەسەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان دا رضي الله عنه گەشتە هەزار دینار ( دیناری ئاڵتوون ) ئوسامەش چوو دارخوماریەکی بڕیەوە وە ( جمارة ) کەی دەرهێنا تاکو بیکاتە خواردەمەنی و بیداتە دایکی هاوڕێکانیشی پیان گووت : بۆچی ئەم کارەت ئەنجام دا لەکاتێکدا تۆ دەبینی نرخی یەك دارخورما گەشتۆتە هەزار دینار ؟ ئەویش فەرمووی : چونکە دایکم داوای ئەمەی کردووە وە داوای هەر کارێکی تریشی کردبێ وتوانام بووبێت ئەوە بەدڵنیاییەوە ئەنجامم داوە ( صفة الصفوة : ١ / ٢١٩ ) .

**م . پشتیوان محمد . عربی**

**دانایەك دەڵێت :**

**مرۆڤ ... جیاکراوەتەوە بەوەی کە پیادەکاری ڕاستی مرۆڤایەتی بێت ... ڕەوشت بەرزیش ئەو ڕاستیەیە .**

## ئەرکی لاوان لە ئیسلامدا ...؟!

تەواوی سوپاس و ستایشەکان بۆ پەروەردگار ، صەلاواتی زۆر بۆ سەر خۆشەویستمان پێغەمبەر ﷺ ، خودایە پەنات پێدەگرم لە تاوان گەلێك کە بمکاتە خەڵکی دۆزەخ ، وە لەسەر لێشێوانێك کە لە ڕێگەی ڕاست ونم بکات ، وە لە خراپی نەفس کە سەر شۆڕم بکات ... وە دوای ستایشی بێ پایان لە بۆ خواوەندی بەدیهێنەر ...

خوشکەکەم ... براکەم ... وەکو ڕونە لامان کە ئاینی پیرۆز ئیسلام ، ئاینێکی گشتگیر و هەمە لایەنەیە ... وە بۆ هەموو خەڵك هاتووە ... بە ڕەچاوکردنی هەر چین و توێژێك و هەر تەمەنێك ... لە ناو هەموو لایەنەکانیدا . گرنگترین چینەکان لەم ئاینە بە پێزەدا چنیی ئێمەی لاوە ... هەر بۆیە پێغەمبەری سەروەر ﷺ ئاگاداری کردوینەتەوە لە گرنگێتی و ناسکی و زوو بەسەرچونی سەردەمی گەنجێتی ... هەر بۆیە لە فەرموودەکانی دا سەرنجی ئێمەی گەنج ڕادەکێشێت و ئاماژە بە گرنگی تەمەنمان دەدات وەك ئەم فەرمودەیە کە باس لە حەوت کۆمەڵەی موژدە پێدراو بەوەی کە لە ڕۆژی دوای دا لەسایەی عەرشی خودای گەورەدا حەشر دەکرێن کە لەو ڕۆژەدا هیچ سێبەرێك نیە جگە لەو سێبەرە ... باسی کردوی لەبەر گرنگی تۆی لاو ، لە سەرەتای ئەو حەوت کۆمەڵە خەڵکەوە باسی کردوی ، دوای حاکمی دادپەروەر ... و کە فەرموودەکە لە ( صحیح ) ی بوخاری وموسلیمدا هاتووە و دەفەرموێت ﷺ " وشابٌ نشأ في طاعة الله " ، واتە ئەو گەنجەی کە گەنجێتی بە پەرستنی خوداوە بەسەر دەبات ... بەڵکو لە فەرموودەیەکی تردا کە پێشەوا ( حاکم ) گێراویەتی یەوە فەرموویەتی ﷺ : " وشاب أفنى شبابه في طاعة الله " ، واتا : لاوێك گەنجێتی لە پەرستنی خوادا دەتوێنێتەوە ... زانایان فەرموویانە کە جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچ دا نیە لە پەرستشدا ... وە ئەم فەرموودەیەش پێشەوا ( حاکم ) دەیگێڕێتەوە کە پێغەبەری خوا ﷺ فەرمووی : پێنج شت بە هەل بقۆزەوە بەرلەوەی دژەکانی بەرۆکت بگرن وە لە نێوانیاندا فەرمووی " شبابك قبل هرمك " ، واتە : گەنجێتیت پێش ئەوەی پیری بەرۆکت بگرێت .

بانگەواز بکە بەپێی زانیاری و توانای خۆت ، چونکە پێشەوای بانگ خوازان ﷺ دەفەرمووێ : " بلغوا عني و لو آية " ( رواه البخاري ) ، واتە : ئەگەر ئایەتێکیش بێت لەمنەوە بیگێڕنەوە بۆ خەڵکی تر و بانگەوازی پێبکەن بۆ لای خوای گەورە ... ئەوەشت بیرنەچێ ، پێشەوای گەنجان فەرموویەتی ﷺ " الدال على الخير كفاعله " ( السلسلة الصحيحة : ١١٦٠ ) ، واتە : کەسێك ئامۆژگاری بۆ کاری چاکە بکات وەك ئەوە وایە کە کردبێتی . ئەوەشت بیر نەچێ کە فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە یەکێکە لە باشترین پەرستشەکان ... دوعای خێر بکە بۆ خۆت و دایك و باوك و موسوڵمانان ، ئێمەشت بیر نەچێت ... موژدەی پاداشت بەخەڵکی بدە و ئاگەداریان بکەرەوە لە نارەحەتی سزای سەخت و بەئازار ... وە لە کۆتای دا ئەڵێم ... خۆشم ئەوێن تەنها لەبەر خوای گەورە ... با ئەم ژیانە تاڵە نەمان خاتە دۆزەخی لەخۆی تاڵترەوە ...

**بیلال : ز.سلێمانی . پ . فیزیا**

## ئاسانكاری و لێبووردەیی لە ئیسلامدا

( ئەڵقەی دووەم )

### داوانەكردنی شتێك كە لە دەرەوەی سنووری توانای مرۆڤ بێت

لێرەدا باسی ئەوە دەكەین كە چۆن خوای گەورە بە پێی توانا و سرووشتی مرۆڤەكان ئەحكام و یاساكانی ئیسلامی دارشتووە و هیچ لە داواكارییەكانی ئیسلام لە سنووری توانای مرۆڤی ئاسایی دەرناچن ، وە هەرگیز ئەو گوێ ڕایەڵی وملكەچییەی كە ئیسلام داوای كردووە لە شوێنكەوتوانی نابێتە هۆی بەستنەوە و ( مكلف ) كردنی مرۆڤ بە شتێك كە ئەستەم بێت ، بەڵكو هەموو داواكارییەكان لە سنووری توانای مرۆڤی ئاسایی دەرناچن ، بۆ زیاتر تێگەیشتنیش دەڵێین : گومانی تێدا نیە كە خوای گەورە ئاگاداری هەموو شتێكە ، گەورە بێت یان بچووك ، نهێنی و ئاشكرا ، دیار و نادیار ، تەنانەت ئەوەی كە لە ناخی مرۆڤەكاندایە و هێشتا دەریان نەبڕیوە ومرۆڤەكانیش جیاوازن لە ڕووی زاڵبوون بەسەر كردارو گوفتارەكاندا ، بەڵام تۆ بڵێی كەس هەبێت بتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئەوختووره و خەیاڵانەی كە بەسەر دڵ ومێشكی مرۆڤدا دێت ؟ بێگومان نەخێر ، لێرەوە خوای گەورە ئەو بارگرانییەی لەسەر مرۆڤ هەڵگرتووە و لێپرسینەوەی لەسەر ناكات ، مەگەر ئەو ختوورانە بە كردەوە ، یان بە ووتە دەربڕین بە بەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ كە دەفەرموێت : " إن الله تجاوز لأمتي عما حدثت به أنفسها ما لم تعمل به أو تكلم به " ( صحيح سنن ابن ماجه ) ، واتە : خوای گەورە لەو شتانەی ئوممەتەكەم خۆش بووە كە لە ناخی خۆیدا دەیڵێت ، ئەگەر بەكردەوە یان بە ووتە دەری نەبڕێت . بەڵكو لەوەش زیاتر خوای گەورە دەرنەبڕینی ئەو ختوورانە لەخوودی خۆیدا بەچاكە دەژمێررێت ، هەروەك لەم فەرموودەیەدا بۆمان دەردەكەوێت كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : " ... فمن هم بحسنة فلم يعملها كتبها الله تعالى عنده حسنة كاملة .... " ( صحيح الجامع الصغير ) ، واتە : هەر كەسێك بەتەمای كردنی خراپەیەك بێت و پاشان ئەنجامی نەدات ، ئەوا خوای گەورە بەچاكەیەكی تەواو بۆی دەنووسێت .

ئەمەش لە پاداشتی بەرەنگاربوونەوەی شەیتان و خۆگرتنەوە لە ختوورەكانی ، جگە لەوەش فراوانی سۆز و بەزەیی خوای گەورە دەردەخات بۆ بەندەكانی ئەگەر بەندەكان ژیربن و بیر بكەنەوە .

م . فلاح حسن . E

## انشق القمر ( لەتبوونی مانگ )

زاناكان بۆیان دەركەوتوە كە لەتبونێك هەیە لەسەر ڕووی مانگ ، كە درزێكە درێژایی یەكەی بۆ هەزاران كیلۆمەتر دەچێ ، ئەمەش ئاماژەیەكە بۆ فەرموودەی خودای گەورە كە دەفەرموێت : ﴿ اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ ﴾ ( القمر : ١ ) ، واتە : قیامەت نزیك بووەوە و مانگیش لەت بوو .



سەرچاوەی وێنە : ناسای ئەمریكی

حیدر عدنان . ك ددان .صلاح الدين

## عەودالی زانست

ئەو کاتەی مرۆڤ عەودالی زانست و هۆگری زانیاری دەبێت هەموو کۆسپ و ئاستەنگە مادیەکانی ڕێگە لە ئیرادەی بچووکتر دەبن ، و زۆر بە ئاسانی دەتوانێت بەسەریاندا زاڵبێت ، پێشینانی ئێمە بێ گوێدانە ماندوو بوون و سەرما و گەرما و دووری ڕێگە و غەریبی و دووری لە کەس و کار و بێ دەرامەتی ماندوو نەناسانە قۆڵی مەردانەیان لێ هەڵماڵیوە و مێژوویەکی پڕ سەروەریان بە ئاوی زێڕ بۆ نەوەکانی دوایی خۆیان تۆمار کردووە ، بەرهەمی ڕەنجی ئەو کەڵە پیاوانەیە کە ئەم ئیسلامە بەرز و مەزنە لە سەدەی پازدەهەمی تەمەنیدا هێشتا پاك و بێخەوشە و وەك سەردەمی یەکەمی بەبژار کراوی گەیشتووەتە دەستی ئێمە ، من لێرەدا گوڵێك لە ئێنجانەی ئەو مەزنانە دەردەهێنم و یەكێك لە مەوقیفە جوانە مەردانەکانی وەبیردەهێنمەوە ، ( بقي ) ی کوڕی ( مخلد ) زانا و پێشەوای فەرموودەناس لە ئەندەلوسەوە بەپێ ماڵ و حاڵی خۆی بە جێهێشت ، و بەرەو بەغداد بەڕێکەوت بۆ ئەوەی سوود لە زانایی پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حنبل وەربگرێت ، لە بواری فەرموودە و فەرموودەناسیەوە ، کە گەیشتە دەروازەی شار و هەواڵی پێشەوا ئەحمەدی پرسی : پێیان گوت مأمونی عەباسی تووشی فیتنەی ( خلق القرآن ) بووە ، و ئیمامیش نکۆڵی ئەو ووتە ناڕەوایە دەکات ، لە بەر ئەوە لە ماڵەکەی خۆیدا دەست بەسەرە و نابێت کەس سەردانی بکات و دەرس و دەور و مەجلیسی هەبێت ، بە هەر شێوەیەك بوو خۆی گەیاندە ئیمامی ئەحمەد و خۆی ناساند و حاڵی خۆی بۆ باسکرد ، ئەویش دەڵێت : من لە لایەن خەلیفەوە دەست بەسەرم ، بەڵام یەك ڕێگە چارە هەیە ئەویش ئەوەیە کە خۆت بکەی بە دۆزەکار و هەموو ڕۆژێك بێیت نان لە ماڵی ئێمە ببەیت لەو کاتەدا چەند فەرموودەیەکت بۆ باس و ڕاڤە دەکەم ( بقي ) کوڕی ( مخلد ) یش بەوە ڕازی بوو ڕۆژێك ( بقي ) نەخۆش کەوت و لە یەكێك لە میوانخانەکانی شاردا دەمایەوە ، لەو نێوەندەشدا مأمون لە ناوچوو مؤتمن بوو بە خەلیفە ، کە بۆ ئەهلی سوننە باش بوو بەوەش ئیمامی ئەحمەد ئازاد بوو ، و ڕۆیشت بۆ سەردانی لە میوانخانەکە ، خاوەن میوانخانەکە بە ( بقي ) ووت : ئیمامی سوننە هاتووە بۆ سەردانت چۆن دەیناسیت ؟! ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە ، ( بقي ) دەڵێت : دوای سەردانەکەی ئیمام ئەو کابرایە لە کەس و کارم زیاتر ڕێزی لێدەگرتم ، بەڕاستی ئەوانە شاپیاوی ماندوونەناس بوون ، و بۆ بەرزی ئەم ئیسلامە خۆ بەدۆزەکاریشیان بەعەیب نەزانیوە ، بۆیە شایەنیانە کەئێمە شوێن پێ هەڵگریان بین .

م . عثمان أحمد . بیرکاری

**لە باخچەی دانایی :**

**ڕەوشت جوانی ئەمانەت و سپێردراوە بە مرۆڤەکان ... خیانەت لێکردنیشی ستەمە لە مرۆڤایەتی .**

## ئیعجازی زانستی له‌سوننه‌تدا

پێغه‌مبه‌ر ﷺ ده‌فه‌رموێت : " إن في الحبة سوداء شفاء من كل داء إلا السام فالسام الموت " ( رواه البخـاري ) واته : ڕه‌شكه ده‌رمانه بۆ هه‌موو ده‌ردێك جگه له مردن ، هه‌ر نه‌خۆشیه‌ك ڕووده‌كاته مرۆڤ ته‌نها به‌شێك ڕووبه‌ڕووی ده‌بێته‌وه ئه‌ویش ( ئامێری به‌رگری له‌ش = جهاز المناعة ) كه ناوه زانستیه‌كه‌ی (Imunesystem) ه كه ئه‌ویش پێكهاتووه له‌خرۆكه سپیه‌كانی خوێن .

پرۆفیسۆریكی موسلمان به‌ناوی ( د.ئه‌حمه‌د القاضي ) له ئه‌مریكا لێكۆڵینه‌وه‌ی له سه‌ر ( ڕه‌شكه و ئامێری به‌رگری له‌ش ) كرد ، چه‌ند كه‌سێكی خۆبه‌خه‌شی تووشبوو به‌نه‌خۆشی شێرپه‌نجه‌ی به‌نموونه‌وه وه‌رگرت هه‌موو به‌یانیان و ئێواران ( یه‌ك گرام ) ڕه‌شكه‌ی پێدان ، به‌یانیان كه‌وچكه‌چایه‌ك و ئێواران كه‌وچكه‌چایه‌ك به‌ددان بیكرۆژن و قووتی بده‌ن ، پاشان بۆی ده‌ركه‌وت كه‌ڕێژه‌ی (٧٣٪) ئه‌گه‌ری چاك بوونیان مسۆگه‌ر ده‌كات ، چونكه هاڕاوه‌ی ڕه‌شكه هه‌ڵده‌سێت به‌وروژاندن و چالاك كردنی ئه‌و خرۆكه سپیانه‌ی كه په‌لاماری هه‌موو ته‌نێكی بێگانه ئه‌ده‌ن كه‌دێته له‌شه‌وه ، وه‌ك ( میكرۆب و ته‌نی زیندو و ته‌نی نازیندوو ... هتد ) وه له به‌شی دووه‌می لێكۆڵینه‌وه‌كه‌یدا بۆی ده‌ركه‌وت ئه‌گه‌ر ڕه‌شكه تێكه‌ڵی هه‌نگوین بكرێت چاك بوونیان زۆر زیاتر ده‌كات له‌و ڕێژه‌یه‌ی سه‌ره‌وه ، كه‌ده‌ركه‌وتووه .

به‌م بۆنه‌یه‌وه له‌ساڵی (١٩٨٧ز) دا خه‌ڵاتی له‌لایه‌ن ( ڕۆناڵد ریگن ) ه‌وه وه‌گرت چونكه خه‌ڵاتی دانابوو بۆ هه‌ر زانایه‌كی ئه‌مریكی كه ده‌رمانێك بدۆزێته‌وه بۆ به‌هێزكردن و چالاك كردنی ( ئامێری به‌رگری له‌ش ) بۆ به‌ره‌نگاربونه‌وه‌ی نه‌خۆشی ( الأیدز ) دژ به‌ڤایرۆسی (HIV) .

ی . پزیشك : هێمن

سه‌رچاوه/ كتێبی (العلم والأعجاز) ١٩٩٨ز

د.دلاوه‌ر محمد / م مایكرۆبایلۆجی له زانكۆی صلاح الدین

## له گۆشه‌ی مزگه‌وت بۆ نوقمی جه‌هاله‌ت

ئه‌وه‌ی لای هه‌موان سه‌لماوه ، ئه‌وه‌یه باوه‌ڕ له دڵدا له زیاد و كه‌مدایه ، ئه‌مه‌ش واده‌كات كه شتێكی ساكار و سانا بێت ئه‌گه‌ر لاوێكی موسوڵمان به باوه‌ڕه‌وه بێته ناو زانكۆ به پرزه‌ی ته‌كاوه‌وه ( تخرج ) بكات ، یاخود له كاتی وه‌رگرتنی له زانكۆ وابه‌سته نه‌بوبێ به ئاینی ئیسلام و دواتر پێش ( تخـــرج ) كردنی به بڕوا و زانستی شه‌رعیه‌وه ماڵئاوایی بكات ، من لێره‌دا باسی هۆكاری لاوازبونی بیرباوه‌ڕ لای برایان و خوشكان ده‌كه‌م له پرۆسه‌ی خوێندندا .

١. هـــۆگربوون به ڕه‌گه‌زی به‌رامبه‌ر ( الجـــنس المخالف ) كوڕان به كچانه‌وه و به پێچه‌وانه‌شه‌وه ، ئه‌م خاڵه ئاستی باوه‌ڕ و هۆشیاری و شه‌رم به‌یه‌كجاری به‌ره‌و خوار داده‌به‌زێنێت .

٢. كه‌م بونه‌وه‌ی چاودێری خوایی ( مراقبة الله ) له كاتی تێكه‌ڵاوبوون به خوێندكارانێ كه هاوه‌ڵی ئه‌و ده‌كه‌ن و كه‌سانی لاده‌رو ناخ پیسن ، به جۆرێ هێنده هه‌ڵی ده‌نه‌ن له سه‌ركاروباری دونیا و ، ئه‌وه‌نده تام و چێژی دونیای لاباس ده‌كه‌ن ، به‌و شێوه‌یه قیامه‌تی بیرناخه‌نه‌وه و كارئاسانی بۆ ناكه‌ن له سه‌ر ئه‌نجام دانی كاری باش و خێر .

٣. سه‌رقاڵبون و ئالوده‌بون به ڕێكردنی تاقیكردنه‌وه له لایه‌ك و خۆ ئاماده‌كردن بۆ وه‌رگرتنی محازه‌ره‌كان زیاد له پێویستی ، كه ئه‌مه سه‌ر بۆ پشت گوێ خستن و فه‌رامۆش كردن ده‌كێشێ له مه‌ڕ جێ به جێ كردنی بابه‌ته ئیمانیه‌كانیه‌وه جا خوێندنه‌وه‌ی قورئان بێ یان به جێ هێنانی فه‌ریزه‌یه‌ك بێ له فه‌ریزه‌كان یان دابڕان بێ له‌كه‌سانی باش و خواناس ئه‌وانه‌ی كه بینینیان یادی خوات بیر ده‌خاته‌وه .

م . بێستون : شه‌ریعه‌ی سلێمانی

## پاڕانەوە کلیلی کردنەوەی دەرگا داخراوەکانە

( عبدالله ) ی کوڕی ( عمر ) لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە : لەکاتێکدا سێ کەس کۆچەر بوون بەڕێگادا دەڕۆیشتن باران لێی داکردن و ناچاری کردن کە پەنا بەرنە بەر ئەشکەوتێك ، لەم کاتەدا بەردێك لە شاخەکە بەردەبێتەوە و دەرگای ئەشکەوتەکەیان لێدەگرێ ، لەناو خۆیاندا بەیەکتر ئەڵێن هیچ شتێك ڕزگارمان ناکات لەم بەردە جگە لەداواکردن لەخوا بەچاکترین ئەو کردەوانەی لەپێناو خوا ئەنجاممان داوە .

یەکەمیان ووتی : پەروەردگارم دایك و باوکێکی پیر و بەساڵاچووم هەبوو ئێواران لەشوانی ئەهاتمەوە کە ئاژەڵەکانم ئەدۆشی پێش ئەوەی شیرەکەیان بدەمە مناڵەکانم بەدایك و باوکم نۆش ئەکرد ، ڕۆژێکیان بەهۆی دورکەوتنەوەم و سەرقاڵ بوونم بە گەلا وەراندن بۆ ئاژەڵەکان لەهاتنەوەم درەنگ کەوتم ، کە هاتمەوە وەك ڕۆژانی پێشوو ئاژەڵەکانم دۆشی بەلام بینیم هەردووکیان خەوتوون حەزم نەکرد پێش ئەمان بیدەمە مناڵەکانم ، حەزیشم نەدەکرد لەخەو هەڵیانسێنم بۆیە چاوەڕوان بووم لەخەو هەڵسن ، تا بەرەبەیان بەکاسە شیرەکەوە بەسەر سەریانەوە ڕاوەستام ، جا پەروەردگارم ئەگەر من ئەم کارەم لەبەر خاتری ڕەزامەندی تۆ ئەنجامداوە ئەوا لەمیحنەتی ئەم بەردە ڕزگارمان بکە . بەردەکەش جولاو هەندێك لەدەرگای ئەشکەوتەکە کرایەوە بەلام ئەوەندە نەبوو کە بتوانن لێوەی بێنە دەرەوە .

دووەمیان ووتی : پەروەردگارم من ئامۆزایەکم هەبوو لەهەموو کەس زیاتر خۆشم ئەویست . داوام کرد کە ڕێگەم بدات کاری ناشەرعی لەگەڵ بکەم ڕێگەی نەدام ، بەلام ساڵێکیان برسێتی زۆری پێ هێنا و هاتە لام منیش (١٢٠) دینارم پێ دا بەمەرجێ ڕازی بێ ناشەرعی لەگەڵ بکەم ئەویش لەبەر پێویستی بەو کارە ڕازی بوو ، کاتیك ویستم ئەو تاوانەی لەگەڵ ئەنجام بدەم پێی وتم : لەخوا بترسە و ئەم کارەم لەگەڵ ئەنجام مەدە بە ڕێگەیەکی شەرعی نەبێ [ واتە : بە ( زواج ) ] ، قسەکەی کاری تێکردم ، سەرەڕای ئەوەی لەهەموو کەس زیاتر خۆشم ئەویست وازم لێ هێناو پارەکەیشم لێ نەسەندەوە ، جا پەروەردگارم ئەگەر من ئەم کارەم لەبەر خاتری ڕەزامەندی تۆ ئەنجامداوە ئەوا لە میحنەتی ئەم بەردە ڕزگارمان بکە . هەندێکی تر بەردەکە جولاو زیاتری لەدەرگای ئەشکەوتەکە کردەوە بەلام هێشتا هەر ئەوەندە نەبوو کە لێوەی بێنە دەرەوە .

سێیەمیشیان بەهەمان شێوە باسی ئەمانەت دارێتی خۆی کرد لەگەڵ کرێکارێکدا کە چۆن مافەکەی نەخواردوە و بۆی پاراستوە و گەش و نمای پێ کردوە ، هەروەکو ئەوانی تر وتی : جا پەروەردگارم ئەگەر من ئەم کارەم لەبەر خاتری ڕەزامەندی تۆ ئەنجامداوە ئەوا لە میحنەتی ئەم بەردە ڕزگارمان بکە . بەپاڕانەوەی سێ یەمیان بەردەکە بەتەواوی لە بەردەرگای ئەشکەوتەکە لاچوو ، بەپاڕانەوەکانیان پەروەردگار لەو میحنەتە ڕزگاری کردن ( رواه البخاري ومسلم ) .

**سوودەکانی ئەم فەرموودەیە**

١ – بەردەوام بوون لە ئەنجامدانی کردەوەی چاکە هۆکاری گیرابوونی دوعاو پاڕانەوەکانە .

٢ – کاری خراپە وەك زینا بەهەموو شێوەکانیەوە و بێ فەرمانی دایك و باوك و ستەم کردن لەخەڵکی بەهەرشێوەیەك بێت هۆکاری قبوڵ نەبوون و ڕەتکردنەوەی پاڕانەوەکانە .

٣ – دڵسۆزی لە کردەوەکان و بەتەنها ئەنجامدانیان لەپێناو ڕەزامەندی پەروەردگار هۆی ڕزگاربوونە لە میحنەت و ناخۆشیەکانی دونیا هەروەك ئەو سێ کەسە وتیان پەروەردگارمان ئەگەر ئەو کارانەمان لەپێناو ڕەزامەندی تۆ ئەنجامداوە ئەم دەرگایەی لێمان داخراوە بۆمان بکەرەوە .

٤ – ترسان لەخوا و وازهێنان لەتاوان لەبەر ڕەزامەندی خوا هۆکاری وەلامدانەوەی پەروەردگارە بۆ داواکاری و پاڕانەوەکان .

٥ – ستەم کردن بەهەموو شێوەکانیەوە لەگەڵ پێشێل کردنی مافی بەرامبەر هۆکاری توڕەبوونی پەروەردگارە لێمان.

٦ – داواکردن لەپەروەردگار بەکردەوەی چاکە جائزە هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَابْتَغُوا إِلَيْهِ الْوَسِيلَةَ ﴾ ( المائدة : ٣٥ ) . قەتادە فەرموویەتی : واتە بە پەرەستن و گوێرایەڵی کردنی پەروەردگار و ئەو کردەوانەی پێ ی خۆشە .

٧ – داوا کردن لە مردوان و پیاو چاکان لەتەنگانە و خۆشییش هۆی گومڕابوونە هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَلا تَدْعُ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لا يَنْفَعُكَ وَلا يَضُرُّكَ فَإِنْ فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذاً مِنَ الظَّالِمِينَ ﴾ ( يونس : ١٠٦ ) واتە : نابێ جگە لەخوا هانا بۆ یەکێکی تر ببەیت کە نە سوودت پێ بگەیەنێت و نە زیانت لێ بدا جا ئەگەر کاری وات کرد ( هاوارت بۆ غەیری خوا برد ) بێگومان لەستەم کاران ئەبیت .

٨ – خۆش ویستن و گوێڕایەڵی دایك و باوك لەپێش ژن و منالەوەیە . هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً ﴾ ( الإسراء : ٢٣ ) .

٩ – تێکەڵاو بوون و مانەوەی کوڕ و کچ بەتەنهایی لەگەڵ یەك با خزمی نزیکیش بن تاوانە و هۆکار و ڕێگا خۆشکەرە بۆ زینا هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " هیچ پیاو و ئافرەتێك لەگەڵ یەك بەتەنهایی نامێننەوە چونکە سێ یەمیان شەیتانە " .

١٠ – ڕازی بونی کەسی بەرامبەر هیچ کات نابێتە بیانوو بۆ حەلاڵ کردن و ڕێگەدان بە ئەنجامدانی کاری ناشەرعی و تاوان .

١١ – شێوازی سەرکەوتوانەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئاراستە کردنی ئامۆژگاری بۆ هاوەڵانی هەرجارەو بە شێوەیەك .

١٢ – سود و عیبرەت وەرگرتن لە بەسەرهاتی پێشینانمان لە هاوەڵان و شوێن کەوتوانیان .

١٣ – جێبەجێ کردنی پێویستیەکانی موسوڵمانان بەبێ داواکردنی بەرامبەر و چاوەڕوان کردنی پاداشت لە پەروەردگار .

١٤ – یەکتا پەرستی و بەتەنها داواکردن لەپەروەردگار هۆکاری سەرفرازی و چارەسەری گرفتەکانە بەپێچەوانەی هاوەڵ بڕیاردان کە هۆکاری سەرلێشێوان و گومڕابوونە .

م . هاوار عبدالله . کۆمەڵایەتی

## زانکۆش بەسەر دەچێت ، بەڵام !!!

زانکۆ قۆناغێکی زێڕین و هەستیارە لە ژیانی هەر خوێندکارێك کە پێی بگات ، بۆیە پێویستە زۆر بەژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو قۆناغە هەستیارەدا بکرێت ، چونکە ڕۆیشتنی هەر چرکەیەکی ئەو قۆناغە ئومێدی هاتنەوەی لێناکرێت وەکو سەرجەم ئەو تەمەنەی پێش هاتنە زانکۆ بەسەر چووە ، وە دڵنیام زۆربەی ئەوانەی لەم قۆناغەدان هەست بەو ڕاستییە ناکەن وەکو ئەوانەی کە تەواو بوون و بەو قۆناغەدا تێپەڕبوون ، هەروەکو چۆن گرنگی تەمەنی لاوێتی لەلای پیرەکان زیاترە وەك لەگەنجان ، بۆیە دەڵێم هەر خوێندکارێك سەرپشکە لەوەی کەچۆن ئەو بەشە هەستیارەی تەمەنی بەڕێدەکات ، بەچاك یان خراپ ، بەڵام سەرەنجامی کردەوەی چاك چاکەیە و سەرەنجامی کردەوەی خراپیش خراپەیە وەکو وتراوە : (( الجزاء من جنس العمل )) ، واتە پاداشت لە جۆری کردەوەیە ، بۆیە فێرخوازی ئازیز ، ئەی ئەو کەسەی دەتوانی ژیانی کۆمەڵگەکەت بەرەو چاکە ببەیت ، قۆڵی چاکەکاری لێهەڵماڵە و تۆوی چاکەکاری بچێنە بۆ ئەوەی ببیتە کلیلی کردنەوەی دەرگای خێر و داخستنی دەرگای خراپە وەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : " إن لله تبارك وتعالى خزائن من الخير ، مفاتيحها الرجال ، فطوبى لمن جعله الله مفتاحا للخير مغلاقا للشر ، وويل لمن جعله مغلاقا للخير مفتاحا للشر " ( صحيح الجامع : ٤١٠٨ ) ، بۆ ئەوەی سەرەنجام خۆت و کۆمەڵگاکەت بەختەوەر بکەیت ، ئەمەش لە کاتێکدا دروست دەبێت کە برا و خوشکانی فێرخوازانی زانکۆ وەکو سەرجەم قۆناغەکانی تری ژیانیان بەهۆکار بزانن بۆ گەیشتن بەئامانجێکی نەبڕاوە کە ئەویش ڕەزامەندی خوای پاك و بێگەردە ، چونکە قۆناغی زانکۆ سپاردەیەکی کاتیە لە ئەستۆی هەموو فێرخوازێکدا وە بۆ ئەوەی وەڵامێك ئامادە بکەیت بۆ ئەو ڕۆژەی کە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی دەفەرموێت : " لا تزول قدما عبد حتى يسأل عن أربع : عن عمرة فيما أفناه وعن شبابه فيما أبلاه .... " ( صحيح الترغيب والترهيب : ٣٥٩٢ ) ، وە هەروەها بۆ ئەوەی ئەم هەلە لە دەستی خۆت نەدەیت چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : " إغتنم خمسا قبل خمس : حياتك قبل موتك ، وصحتك قبل سقمك ، وفراغك قبل شغلك ، وشبابك قبل هرمك ، وغناك قبل فقرك " ( صحيح الجامع : ١٠٧٧ ) ، واتە : پێنج شت بەهەل بزانە ( وەربگرە ) پێش ئەوەی پێنج شتی تر یەخەت پێ بگرێت : ژیانت پێش مردنت ، لەش ساغیت پێش نەخۆشیت ، بێ کاریت پێش سەرقاڵیت ، گەنجێتیت پێش پیربوونت وە دەوڵەمەندیت پێش هەژاریت . دەی تۆش ئەو قۆناغەی تەمەنت بەهەل بزانە و ئەوەی پێت دەکرێ لەکاری چاکە درێغی لێمەکە تاکو ئەو ئەمانەتەت لێنەسەندراوەتەوە و تەمەنی زانکۆش بەجێی نەهێشتووی و ماڵئاوایی لێنەکردووی چونکە لەدوای ماڵئاوایی پەشیمانی فریای کەسانی پێش تۆ نەکەوتووە تاکو ئێستا فریای تۆ بکەوێت . لە کۆتایدا دەڵێم برا و خوشکانی زانکۆم قۆناغی زانکۆ کاتیە و بەجێی دەهێڵێت وەکو ئەوانەی پێش تۆ بەجێیان هێشت ، وە چاوەڕوانی کەسی نەکردووە لەپێش تۆدا تاکو ئێستا چاوەڕوانی تۆبکات ، سەرفرازی بۆ

ئەوانەی زانکۆ ئەکەنە توێشوویەك بۆ ئەو ڕۆژەی کە خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرموێت : ﴿ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴾ ( سورة الشعراء : ٨٨ ــ ٨٩ ) ، وە نەکەی لەوانە بیت کە خوای گەورە لە بارەیانەوە دەفەرموێت : ﴿ حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِن وَرَائِهِم بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾ ( سورة المؤمنون : ٩٩ ــ ١٠٠ ) .

**پارێزەر . أحمد محمد**

## خۆشەویستی خوای پەروەردگار

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله ، وعلى آلـه وأصحابه أجمعين ... أما بعد : بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە خوای گەورەمان خۆش ئەوێت دەبێت گوێرایەڵ و ملکەچی بین و پێچەوانەی فەرمانەکانی نەکەین و قەدەغەکراوەکانی ئەنجام نەدەین لە کار و کردەوەکانماندا ، چونکە خۆشەویستی خوا بابەتێکە لە بابەتەکانی بیروباوەر ، هەروەکو چۆن نابێت نوێژ و ڕۆژوو و زیکر و بابەتەکانی تر بۆ جگە لەخوای گەورە ئەنجام بدرێت ئەمیش بەهەمان شێوە ، وە بۆ ئەوەی چاکتر و جوانترە بۆ خوای گەورە ئەنجام بدرێت دەبێت بەشێوەیەکی زۆر جوان خوای گەورەمان خۆش بوێت و گوێرایەڵی بکەین بۆ ئەوەی خوای گەورە لەخۆمان ڕازی بکەین ، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ قُل إن كُنتم تُحبُونَ الله فَاتَّبِعونِي يُحبكُمُ الله وَيَغفِرلَكُم ذُنُوبَكُم والله غَفُور رَّحِيم ﴾ ( آل عمران : ٣١ ) ، واتە : ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ ئەگەر ئێوە خوای پەروەردگارتان خۆش ئەوێت ئەوا شوێن من بکەون لەپاداشتی ئەمەشدا خوای پەروەردگار خۆشی دەوێن و لەتاوانەکانتان خۆش دەبێت .

هەروەها نابێت هیچ خۆشەویستێك فەزڵ بدرێت بەسەر خۆشەویستی خوای گەورەدا ، وە هەرکەسێك خۆشەویستێکی پێش خۆشەویستی پەروەردگار بخات ئەوا دڵی نەخۆشە و پێویستە چارەسەری بکات ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُم وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾ ( سورة التوبة : ٢٤ ) ، واتە : ئەگەر بێتو دایك و باوك و کەسوکار و سەروەت و سامانتان لە خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ خۆشتر بوێت و خۆشەویستی ئەوان زاڵ بێت بەسەر خۆشەویستی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوا چاوەڕوانی عەزاب بن خوای گەورەش هیدایەتی خراپەکاران نادات .

ئەگەر دەتەوێت خوای گەورەت خۆش بوێت بەردەوام با زمانمان پاراو بێت بەیاد و زیکری خوای گەورە و لەبیری نەکەین ، یادی خواش نیشانەی خۆشەویستی ڕاستەقینەی بەندەیە بۆ پەروەردگار چونکە هەرکەسێك کەسێکی خۆش ویست ، ئەوا زۆر باسی دەکات و هەردەم یادی دەکات ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إنَّ اللهَ يُحبَ العبد الغنيّ العفيّ التقيّ " ( رواه مسلم ) واتە : خوای پەروەردگار بەندەی دەروون فراوان و خۆدەرنەخەر و لە خووا ترسی خۆش دەوێ . لە کۆتاییدا بە هیوای گەیشتن بە گەورەترین هیوا و ئاوات و ئامانج ، کە ئەویش بینین و ڕەزامەندی خوای گەورەیە لە بەهەشتی بەرفراواندا و ژیانی نەبڕاوەی هەتا هەتایی لە دوا ڕۆژدا ( إن شاء الله ) .

**دریڤان محمود. ئینگلیزی.پ.م. کەلار**

## گرنگی بانگەشەکردن بۆ دەستگرتن بە قورئانی پیرۆز

( بەشی دووەم )

وە هەروەها خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکات بانگەشە بکات بۆ ئەوەی کە فەرمانی پێکراوە و بۆی دابەزیوە کە ئەویش قورئانە ، و لە گەڵ شوێن نەکەوتنی ئارەزووە گومڕاکان و دەفەرموویت : ﴿ فَلِذَلِكَ فَادْعُ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَقُلْ آمَنتُ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِن كِتَابٍ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ اللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ اللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ ﴾ (سورة الشورى : ١٥) ، لەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرمانێکی خوای گەورە بەدی دەکەین بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ کە بانگەواز بکات بەو شێوەیەی کە فەرمانی پێ کراوە و ڕوونی کردۆتەوە بۆی لە قورئانەکەیدا ، وبەردەوام بێت لەسەری ، شوێنی ئارەزووەگومڕاکان نەکەوێت ، وە لەو شتانەش کەخوا فەرمانی پێ کردووە : باوەڕ هێنانە بە هەموو ئەو کتێب وپەیامانەی کەخوای گەورە بۆ پێغەمبەرانی پێش خۆی دابەزاندووە ، ودادپەروەری کردنە لەنێوان خەڵکی ، وخەڵکی ئاگادار بکاتەوە لەسەر مەسەلەیەك کەخەڵکانێکی زۆر تیایدا گومڕابوون ، کەئەویش مەسەلەی یەکتاپەرستی خوای گەورەیە ، ئەو پەرستراوەی کە هیچ هاوەڵ وهاوشێوەیەکی نیە ، پاشان فەرمانی پێ دەکات کە بەخەڵکی بڵێیت : کەوا هەموو قەوم ونەتەوەیەك کردەوەی خۆی هەیە ، وخوای گەورە بە دڵنیاییەوە خەڵکی کۆدەکاتەوە وپاداشتیان دەداتەوە لەسەر کردەوەکانیان ، ئەگەر چاکە بێت بەچاکە وئەگەر خراپەش بێت بەخراپە .

پێشەوا ( الحافظ ابن كثير ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ ئەم مانایانە ڕوون دەکاتەوە لەچەند خاڵێکی دیاری کراودا ودەفەرموویت : ئەم ئایەتە پیرۆزە لە (١٠) دە ووشەی سەربەخۆ پێك هاتووە کە هەر یەکەیان جودایە لە ووشەکەی پێش خۆی ، وحوکمێکی تایبەتە بەخۆی ، زانایان دەفەرموون : ئەم ئایەتە لە قورئاندا هاوشێوەی نیە جگە لە ( آية الكرسي ) نەبێت ، چونکە ئەویش لە (١٠) دە بەش پێك دێت وەکو ئەم ئایەتە ، وە ووتەی خوای گەورە ﴿ فَلِذَلِكَ فَادْعُ ﴾ واتە : بانگەواز بکە بۆ ئەوەی کە بۆمان دابەزاندوویت کە ئاینی هەموو پێغەمبەرانی پێش تۆیە ، و﴿ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ ﴾ واتە : تۆ وئەوەی شوێنی تۆ کەوتووە بەردەوام بن لەسەر پەرستنی خوای گەورە بە شێوەیەی کە فەرمانتان پێ کراوە ، و ﴿ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ ﴾ واتە : شوێنی ئارەزووی هاوەڵ بڕیاردەران مەکەوە لەوەی کە دایانهێناوە بە درۆ لە پەرستنی بتەکان ، ﴿ وَقُلْ آمَنتُ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِن كِتَابٍ ﴾ واتە : وە بڵێ باوەڕم هێنا بە هەموو ئەو کتێبە ئاسمانیانەی کە بۆ پێغەمبەران هاتوون بەبێ جیاوازی ، ﴿ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ ﴾ واتە : فەرمانم پێ کراوە بەوەی کە دادپەروەربم لەحوکم کردن لەنێوانتاندا ، بەو شێوەی کە خوا فەرمانی پێ کردووم ، ﴿ اللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ ﴾ واتە : هەر ئەوە پەرستراوە بەحەق وهیچ خوایەکی تر نیە جگە لەئەو ، ئێمە بەویستی خۆمان دان بەم پەرستنەدا دەنێین ، ئێوەش ئەگەر بەویستی خۆشتان نەیکەن ئەوا ئەوەی لەم بونەوەرەدا هەیە سوژدە وکڕنووش دەبات بۆ پەروەردگاری هەموو جیهان ، ﴿ لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ ﴾ واتە : ئێمە بێ بەرین لە ئێوە و کردەوەکانتان ، ﴿ لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ﴾ : ( مجاهد ) لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەفەرموویت : واتە : هیچ دووبەرەکی دژایەتیەك نیە لە نێوانماندا ، وە ( السدي ) دەڵێت : ئەمەش لە پێش دابەزاندنی ( آية السيف ) بووە ، ئەمەش بۆچونێکی دروستە ، چونکە ئەم ئایەتە ( مكية ) و( آية السيف ) لە دوای ( هجرة ) دابەزیووە . ﴿ اللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا ﴾ واتە : خوای گەورە کۆمان دەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا . ﴿ وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ ﴾ واتە : گەڕانەوەمان بۆ لای ئەوە لە ڕۆژی دواییدا .

م . دارا جبار . عربی

# ئه‌و كاتانه‌ی
# كه‌ سیواكردن تیاندا سوننه‌ته

الحمد لله والصلاة والسلام على نبينا محمد أما بعد ..

دیاره‌ پێغه‌مبه‌ری ئازیزمان ﷺ هه‌رشتێك كه‌ خێری بۆمان هه‌بێ و پاداشتی له‌سه‌ربێ فێری كردوین پـێ‌ی ڕاگه‌یاندوین و هۆشیاری كردوینه‌ته‌وه‌ و فه‌رمانی پێكردوین ، وه‌ دیاره‌ ( سیواك كردن ) یش یه‌كێكه‌ له‌و شته‌ گرنگانه‌یه‌ كه‌ پێمان ڕاده‌گه‌یه‌نێ به‌كاری بهێنین .

ئه‌و كات و ساتانه‌ی كه‌ سونه‌ته‌ ( سیواك ) ی تێدا به‌كاربهێنین :

١ . له‌ كاتی ده‌ست نوێژگرتن : عن أبي هريرة رضي الله عنه قال : قال رسول الله ﷺ : " لولا أن أشق على أمتى لأمرهم بالسواك مع الوضوء " ( صحيح الجامع : ٥٣١٦ ) ، واته‌ : ئه‌گه‌ر مه‌شه‌قه‌ و ناڕه‌حه‌تی نه‌بوایه‌ له‌سه‌ر ئوممه‌ته‌كه‌م فه‌رمانم پێیان ده‌كرد به‌سیواك له‌كاتی هه‌موو ده‌ست نوێژێكدا .

٢ . له‌ كاتی نوێژكردندا : عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي ﷺ : " لولا أن أشق على أمتي لأمرهم بالسواك عند كل صلاة " ( متفق عليه ) ، واته‌ : ئه‌گه‌ر بارگرانی نه‌بوایه‌ له‌سه‌ر ئوممه‌ته‌كه‌م ئه‌وا له‌گه‌ڵ هه‌موو نوێژكردنێكدا ( سیواك ) م فه‌رز ده‌كرد كه‌ به‌كاریبهێنن .

٣ . له‌ كاتی قورئان خوێندندا : عن علي رضي الله عنه قال ( أمرنا بالسواك ) وقال : " إن العبد إذا قام يصلي أتاه ملك فقام خلفه يستمع القرآن ويدنو ، فلا يزال يستمع ويدنو حتى يصنع فاه على فيه ، فلا يقرأ آية إلا كانت في جوف الملك " ( السلسلة الصحيحة : ١٢١٣ ) . واته‌ : عه‌لی رضي الله عنه ده‌فه‌رموێ : فه‌رمانمان پـێ ده‌كرا به‌ ( سیواك كردن ) وه‌ ده‌فه‌رموێ : به‌ڕاستی ئه‌گه‌ر به‌نده‌ هه‌ستێت بۆ نوێژكردن فریشته‌یه‌ك ده‌چێ بۆ لای له‌پشته‌وه‌ ده‌وه‌ستێ كاتێك ده‌ستی كرد به‌قورئان خوێندن گوێی لێده‌گرێ و لێی نزیك ده‌بێته‌وه‌ تاكو ئه‌و فریشته‌یه‌ ده‌م ئه‌خاته‌ سه‌ر ده‌می جا هیچ ئایه‌تێك ناخوێنێت ئیلا ده‌چێته‌ ناو بۆشایی سكی فریشته‌كه‌وه‌ .

له‌ كاتی گه‌ڕانه‌وه‌ی بۆ ماڵه‌وه‌ : عن المقدام بن شريح عن أبيه قال : " سألت عائشه قلت : بأيِّ شيء كان يبدأ النبي ﷺ إذا دخل بيته ؟ قالت : بالسوك " ( صحيح ابن ماجه : ٢٣٥ ) ، واته‌ : مقدام ئه‌گێڕێته‌وه‌ له‌ باوكی یه‌وه‌ كه‌ پرسیاری كردووه‌ له‌ عائیشه‌ ( خوای لێ ڕازی بێت ) ئایا پێغه‌مبه‌ر ﷺ كاتێ گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌ ماڵه‌وه‌ به‌چی ده‌ستی پـێ كردوه‌ ؟ ئه‌ویش له‌وه‌ڵامدا فه‌رمویه‌تی به‌سیواكردن .

٥ . له‌ كاتی هه‌ڵسان له‌ خه‌و یان هه‌ستان بۆ شه‌ونوێژ : عن حذيفة رضي الله عنه قال :كان رسول الله ﷺ : " إذا قام ليتهجد يشوص فاه بالسواك " ( متفق عليه ) ، واته‌ : پێغه‌مبه‌ر ﷺ ئه‌گه‌ر هه‌ستایه‌ته‌وه‌ بۆ شه‌ونوێژی ئه‌وا سیواكی ئه‌هێنایه‌ ناو ده‌میه‌وه‌ .

سه‌رچاوه‌ی بابه‌ت :

**الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز ، عبدالعظيم البدوي**

وه‌رگێڕانی :

**زهراء محمد مجيد ز.سلێمانی . پ . مێژوو**

## زانستی بە سوود و کردەوەی چاك
## پەیامی پێغەمبەرمانە ﷺ

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ ﴾ ( سورة التوبة : ٣٣ ) .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا ﴾ ( سورة الفتح : ٢٨ ) ، واتە : خوای پەروەردگار پێغەمبەرەکەی ناردووە بە ( ڕێنمایی ) و ( دین داری ڕاستەقینە ) بۆ ئەوەی دینەکەی سەرکەوێت بە سەر هەموو دین و ئاینەکانی تردا ئەگەرچی موشریك و هاوەڵبریادەرەکانیش پێیان ناخۆش بێت ، وە خواش بەسە ببێت بە شاهید .

پێشەوا ( ابن كثير ) فەرموویەتی : (( فالْهُدَى هو العلم النافع ، وَدِينِ الْحَقِّ هو العمل الصالح )) ( تفسير ابن كثير : ٤ / ١٧١ ) ، واتە : ( ڕێنمایی ) بریتیە لە : زانستی بەسوود ( العلم النافع ) ( دین داری ڕاستەقینەش ) بریتیە لە کردەوەی چاکە ( العمل الصالح ) .

هەروەها فەرموویەتی : (( فالْهُدَى : هو ماجاء به من الإخبارات الصادقة والإيمان الصحيح والعلم النافع ، وَدِينِ الْحَقِّ : هو الأعمال الصالحة الصحيحة النافعة في الدنيا والآخرة )) ( تفسير ابن كثير : ٢/١٣٥ ) .

واتە : ( الْهُدَى : ڕێنمایی ) بریتیە لەوەی کە پێغەمبەر ﷺ پێی هاتووە : لە هەواڵە ڕاستەکان و باوەڕی دروست و زانستی بە سوود ، ( وَدِينِ الْحَقِّ : دین داری حەق و ڕاستەقینە ) بریتیە لە کردەوە چاك و ڕاست و بە سودەکان لە دونیا و دواڕۆژدا .

وە هەروەها فەرموویەتی : (( هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ أي بالعلم النافع والعمل الصالح ، فإنَّ الشريعة تشتمل على شيئين : علم وعمل ، فالعلم الشرعي صحيح ... والعمل الشرعي مقبول )) ( تفسير ابن كثير : ٤ / ٢٠٤ ) ، واتە : مەبەست بە ﴿ الْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ ﴾ بریتیە لەزانستی بەسود وکردەوەی چاك ، چونکە شەریعەتی ئیسلام دوو شتی لەخۆ گرتووە : زانست و کردەوە ، جا زانستی شەرعی ڕاستە .. وە تەنها کردەوەی شەرعیش وەردەگرێت .

وە هەروەها ئیمامی ( ابن كثير ) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا : ﴿ يَدَيْهِ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ وَإِلَى طَرِيقٍ مُسْتَقِيمٍ ﴾ ی سورەتی ئەحقافدا فەرموویەتی : (( ﴿ يَدَيْهِ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ ﴾ لە بیروباوەڕ و هەواڵەکاندا ، ﴿ وَإِلَى طَرِيقٍ مُسْتَقِيمٍ ﴾ لە کردارەکاندا ، چونکە قورئان دوو شتی تێدایە : هەواڵ و داواکاری ، جا هەواڵەکانی ڕاستن و داواکاریەکانیشی دادپەروەرانەن ، هەروەك چۆن خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ﴾ ( الأنعام : ١١٥ ) ، وە هەروەها فەرموویەتی : ﴿ هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ ﴾ ( التوبة : ٣٣ ) ، فالْهُدَى هو العلم النافع ، وَدِينِ الْحَقِّ هو العمل الصالح ، بە هەمان شێوە جنۆکەکانیش ووتیان : ﴿ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ ﴾ واتە : ڕێنمایی دەکات بۆ حەق (لە بیروباوەڕدا / في الاعتقادات ) ، ﴿ وَإِلَى طَرِيقٍ مُسْتَقِيمٍ ﴾ واتە : ڕێنمایی دەکات بۆ ڕێگای ڕاست ( لە کردارەکاندا / في العمليات ) .

**م . محمد عبدالرحمن . شەریعەی دهۆك**

# مێژوو و شێواندنی ڕووی گەشی ئیسلام

**بەشی یەکەم**

سوپاس وستایش بۆ خوا ، صەلات و سەلام لەسەر پەیامبەر و خانەوادەکەی ﷺ . مێژوو گرنگیەکی زۆری هەیە لە ژیانی میللەتاندا تەنانەت دەتوانین بڵێین مێژوو کۆڵەکەی میللەتانە ، هەر میللەتێك بیەوێت ئێستای و ئایندەی ڕۆشن بکاتەوە ئەبێ ڕوناکی لەو مێژووەی خۆی وەربگریٚ بە سود وەرگرتن لە لایەنە چاکەکانی ودووبارە نەکردنەوەی لایەنە خراپەکانی .

مێژوو لە زمانی کوردیدا لە ( مێژ ) ەوە وەرگیراوە کە بە مانای ( کۆن ) دێ ، هەروەها ( دێرۆك )یش بە هەمان شێوە لە ( دێر ) ەوە وەرگیراوە کە ئەمیش هەر بە مانای کۆن دێ ، هەردوکیشیان بە مانای ڕابردوو دێن و بۆ ئەم مەبەستە بەکار هاتوون . لە زمانی عەرەبیشدا ووشەی ( التأريخ ) بە مانای دەست نیشانکردنی کات دێت ، لە ( أرَّخ يؤرِّخ )ـەوە هاتووە ، جیاوازیش هەیە لەوەی کە ئایا ئەم وشەیە ئەسڵەکەی عەرەبیە یان بە عەرەبیکراو ( معرّب )ـە . لەزمانی ئینگلیزیشدا (History)ی پێ ئەڵێن کە لە وشەی (Historia)ی یۆنانیەوە وەرگیراوە . هەندێکیش پێیان وایە ئەو وشەیە بە شێوزای نوسینی هێرۆدۆت گوتراوە پاشان گوازراوەتەوە بۆ لاتینی وزمانەکانی ئەوروپا .

سەبارەت بە پێناسەی مێژوو ، لە کۆن و تازە مێژوو نووسان هەر یەك بە شێوەیەك پێناسەی مێژوویان کردووە بەڵام گەلێك لە مێژوونوسان مانای مێژوو لەوە کورت دەکەنەوە کە : بریتیە لە گەڕان و لێکۆڵینەوە لە ڕوداوەکان ، هەموو ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەبێت هەر لە دروستبوونیەوە کە شوێنەواری لەسەر زەوی بەجێ هێشتووە .

هێرۆدۆتی یۆنانی کە بە باوکی مێژوو ناسراوە لە بارەی مێژووەوە ئەڵێ : ( مێژوو گەڕان و پشکنینە بە دوای کرۆکی ڕووداو و کارەساتە کۆنەکاندا ) . ئیبن خەلدون : پێی وایە مێژوو گێڕانەوەیەکی ساکاری ڕووداوەکان نییە ( مێژوو گەڕان و تێڕوانین و وردبونەوەو هەڵگێڕ و داگێڕکردنی ڕوداوەکانە ) .

تەبەری ئەڵێ : ( مێژوو هونەرێکە لە ڕوداوەکانی زەمانە دەکۆڵێتەوە ) . سەخاوی ئەڵێ : ( مێژوو هونەری گەڕانە بە شوێن ڕوداوەکانی زەمانەدا ) . مەسعودی ئەڵێ : ( مێژوو زانستێکە لە دەنگوباسان ) . شەرەفخانی بەدلیسی ئەڵێ : ( مێژوو لەسەروی هەموو هونەرەکانەوەیە ) . کەمال مەزهەریش بە زانسنی زانستەکان ناوی دەبات . ( بڕوانە : گۆڤاری مێژوو ل١٢٦-١٢٧ – کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا حەسەن حمە کەریم ) .

هەندێکی تر ئەڵێن : ( مێژوو تیشکی ڕابردووە ئێستاو داهاتووی پێ ڕۆشن دەبێتەوە ) . بڕوانە : موسوعە التاريخ الاسلامی ، ئەحمەد شەلەبی . ئەمەش گەورەیی مێژوو دەردەخا .

کۆمەڵێك لە ماددیەکانیش پێیان وایە مێژوو : بریتیە لە مێژووی ململانێی نێوان چینی پرۆلیتاریا و چینی بۆرژوازی .

لەو پێناسانەی سەرەوەدا بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە مێژوو گرنگیەکی ئێجگار زۆری هەیە ، تەنانەت هەموو زانستەکان وابەستەی مێژوون .

قورئانی پیرۆزیش بایەخی زۆری بە مێژوو داوە لە چەندین شوێندا ، چەندین چیرۆکی چەندەها پێغەمبەر - عليهم السلام - بە چەندین شێواز بۆمان دەگێڕێتەوە ، فەرمانیش دەکات بە پەیامبەر ﷺ کە ئەو چیرۆکانەیان بۆ بگێڕێتەوە بەڵکو تێ بفکرێن و بیربکەنەوە و پەند وەربگرن هەڵەی ئەوانەی پێش خۆیان دووبارە نەکەنەوە نەوەك بە دەردی ئەوان بچن .

م . علی محمد علی . کۆمەڵایەتی

## ئەگەر دەتەوێ سەربکەوی شوێنی پێغەمبەرەکەت ( محمد ﷺ ) بکەوە

پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند هێزێکی سواری بەرەو ناوچەی نەجد ڕەوانە کرد و ئەوانیش پیاوێکیان لە خێڵی بەنی حەنیفە هێنا کە پێی دەوترا ( ثمامة ) ی کوری ( أثال ) ( واتە ناوی ( ثمامة ) کوری ئوثال بوو ) بەستیانەوە بەیەکێك لەکۆڵەکەکانی مزگەوتەوە .

پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆیشت بۆ لای و پێی فەرموو: ئەی ( ثمامة ) چیت پێیە ؟ ( ثمامة ) وەڵامی دایەوە: ئەی محمد خێرم پێیە ئەگەر بمکوژی ئەوا کەسێك دەکوژی کە پێشتر کەسێکی کوشتووە وە ئەگەر ئازادم بکەی ئەوا چاکە لەگەڵ یەکێك دەکەی کە سوپاسگوزارە وە ئەگەر ماڵ و پارەت دەوێ هەرچەندە سامانت دەوێ داوا بکە . ( ثمامة ) بەجێهێڵرا تاکو ڕۆژی دوای ... پێغەمبەر (ﷺ) دووبارە پێی فەرموو: ئەی ( ثمامة ) چیت پێیە ؟ ( ثمامة ) ووتی: ئەوەی کە پێم ووتی ( مەبەستی ئەوەیە کە پێشوو ووتبووی ) . پێغەمبەر (ﷺ) بەجێیهێشت تاکو ڕۆژی دوای ئەوە ، کاتێك فەرمووی: ئەی ( ثمامة ) چیت پێیە ؟ ( ثمامة ) ووتی: ئەوەم پێیە کە پیم ووتی . لەبەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ( ثمامة ) بەرەڵابکەن ، بۆیە ( ثمامة ) ڕۆیشت بۆ ناو باخێکی دارخورما لەنزیك مزگەوت و خۆی شۆرد و هاتە ناو مزگەوتەوە و ووتی: شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت جگە لە ( الله ) وە شایەتی دەدەم کە ( محمد ) نێردراوی ئەوە !! سوێند بەخوا ئەی ( محمد ) هیچ دەم وچاوێك لەسەر ڕووی زەوی نەبوو زیاتر لەتۆ رقم لێی بێت بەڵام ئێستا خۆشەویستترین دەم و چاوە بەلامەوە . سوێند بە خوا هیچ ئاینێك نەبوو لەسەر زەوی ئەوەندەی ئاینی تۆ رقم لێی بێت بەڵام ئێستا خۆشەویستترین ئاینە بەلامەوە . سوێند بەخوا هیچ شارێك لەسەر زەوی نەبوو ئەوەندەی شارەکەی تۆ رقم لێی بێت بەڵام ئێستا خۆشەویستترین شارە بەلامەوە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێزە ئەسپ سوارەکانت منیان گرت لە کاتێکدا کە نیەتم هێنابوو عومرە ئەنجام بدەم ، ئێستا بیرو ڕات چیە ؟! پێغەمبەر (ﷺ) مژدەی پێ داو پیرۆزبایی لێکرد و فەرمانی پی کرد کە عومرە ئەنجام بدات .

پاش ئەوە کاتێك هات بۆ مەککە کەسێك پێی ووت : بوویتە بە سابیئەیی ؟ ( ثمامة ) (رضي الله عنه) وەڵامی دایەوە : نەخێر سوێند بەخوا موسڵمان بوومە بە پێغەمبەری خوا ( محمد ) ، نەخێر سوێند بەخوا تاکە دانەوێڵەیەکی گەنمتان بۆ نایەت لە یەمامەوە تاکو پێغەمبەر (ﷺ) ئیزنی خۆی نەدات ( رواه البخاري ) .

## Follow your prophet (Muhamad (ﷺ)) if you want to succeed

The Prophet (ﷺ) sent some cavalry towards Najd and they brought a man from the tribe of Banu Hanifa who was called Thumama bin Uthal. They fastened him to one of the pillars of the Mosque.

The Prophet (ﷺ) went to him and said، "What have you got، O Thumama?"Thumama replied،" I have got a good thought، O Muhammad! If you should kill me، you would kill a person who has already killed somebody، and if you should set me free، you would do a favor to one who is grateful، and if you want property، then ask me whatever wealth you want."Thumama was left till the next day...The Prophet (ﷺ) said to him again، "What have you got، Thumama?Thumama said، "What I told you (he means what he had said before).The Prophet (ﷺ) left him till the day after، when he said، "What have you got، O Thumama?"Thumama said، "I have got what I told you."On that the Prophet (ﷺ) said، "Release Thumama."So Thumama went to a garden of date-palm trees near to the Mosque، took a bath and then entered the Mosque and said، "I testify that none has the right to be worshipped except Allah، and also testify that Muhammad is His Apostle! By Allah، O Muhammad! There was no face on the surface of the earth most disliked by me than yours، but now your face has become the most beloved face to me. By Allah، there was no religion most disliked by me than yours، but now it is the most beloved religion to me. By Allah، there was no town most disliked by me than your town، but now it is the most beloved town to me. O Allah's Apostle your cavalry arrested me at the time when I was intending to perform the 'Umra. And now what do you think?"The Prophet (ﷺ) gave him good tidings congratulated him and ordered him to perform the 'Umra.

After that when he came to Mecca، someone said to him، "You have become a Sabian?" Thumama(رضي الله عنه) replied، "No! By Allah، I have embraced Islam with Muhammad، Apostle of Allah. No، by Allah! Not a single grain of wheat will come to you from Jamaica unless the Prophet (ﷺ) gives his permission."

E . م . رزگار محمد